بە پێچەوانەی مەسەلەی یەهوودیەکان، گرۆی مەسیحی هیچ غەرەزێکی دیاریکراویان نەبوو کە بە ویستەوە دژ بە محەمەد و هاوڕێیانی بەڕێوەی بەرن. ئەوان نە دژ بە محەمەد سەربزێوییان دەکرد و نە بۆ محەمەد وەك مەترسیەکی ئایینی - سیاسی لە ئەژمار دەهاتن. سەرەڕای ئەوانەش لەگەڵیان هەر وەك یەهوودی کە پەیامەکەی محەمەدیان نەدەسەلماند، هەڵس و کەوت دەکرا: مەسیحیەکان لە سەرەتاوە ناڕاستەوخۆ و دواتر ڕاستەوخۆ سووکایەتیان پێدەکرا. لە سەرەتاوە بە چەواشەکەری کتێب و دواتر بە بێ ئیمان تاوانبار کران.

*"ئەو کەسانەی دەڵێن: خودا خۆی مەسیح کوڕی مەریەمە، دیارە لە دین وەرگەڕاون. کەچی مەسیح گوتوویەتی: ئێوە ئەی بەرەی ئیسرائیل! ئەو خودایەی بپەرستن کە منی پەروەردە کرد و ئێوەش ئەو پەروەراندویە؛ هەر کەسێکی شەریك بۆ خودا پەیدا بکا، خوا بەشی لە بەهەشت دەبرێ و جێی ئاگرە و هەر کەسێ ناهەقی بکا، هیچ کەسی دەهانا نایە. ئەوانەی کە گوتیان: خودا سێهەمینە لە سێ کەسان، بێ سۆ لە دین لایان داوە. جگە لە خودای تاقانە، هیچ کەس بۆ پەرستن ناشێ. ئەگەر بێتو دەس هەڵنەگرن لەو قسانە- ئەوانەیان کەوا لە دین لایانداوە – گرفتاری ئازارێکی بە ژان دەبن. بۆچ ئەوانە پەشیمانی نابەنە بەر قاپی خودا و داوای بەخشینی لێ ناکەن؟ کە خودا لە گوناە دەبووری و دڵۆڤانە. مەسیحی فەرزەندی مەریەم لە پێغەمبەرێك بەولاوە چی تر نییە، کە بەر لەویش فرەیەك پێغەمبەریتر هاتوون و چوون. دایکی ئەویش ژنێکی ڕاست و دروست بوو؛ هەردووکیان خۆراکیان دەخوارد. دە بڕوانە چەند نیشانەی ئاشکرایان نیشان دەدەین. دیسان تۆ لەوە ڕامێنە، چۆنین لە هەقێ لا دەدرێن؟ بێژە ئاخۆ غەیرەز خودا ئێوە دەچن شتانی وا دەپەرستن کە نە دەتوانێ زیانو پێ بگەیێنێ و نە بێی دەکرێ بەهرەی بۆ ئێوە تێدابێ؟ زۆر بیسەر و فەرزانەش هەر خودایە." (سوورەی ٥ ئایەی ٧٢ تا٧٦)*

بە چ شێوەیەك دەکرێ ئەم شك و وەسواسیە ڕوون بکرێتەوە؟ بەستێنی ئەو سووکایەتییە ئەوەیە: کتێبی قورئان دەڵێ، عیسا کاتێکی دیاریکراوی بۆ پێغەمبەرییەکەی بۆ دانراوە، و دوای ئەو، پێغەمبەرێك بە ناوی ئەحمەد (کە وشەی بنەڕەتیەکەی وەك محەمەدە) دەبێ بێ کە لە ئایینی مەسیحیشدا ئاماژەی پێکراوە:

*"کە عیسای کوڕی مەریەمیش گوتی: ئەی بەرەی ئیسرائیل! ئەمن پێغەمبەری خودام بۆ لای ئێوە؛ ئەو تەوراتە دەسەلمێنم کە لە پێش مندا هاتووە؛ مژدەو لی بێ پێغەمبەرێك لەپاش من دێ وەناو ئەحمەد. وەختێ بە چەند نیشانەی دیاریدەرەوە هاتە لایان، گوتیان: ئەمە هەر بە ئاشکرا جادوە." (سوورەی ٦١ ئایەی ٦)*

محەمەد باوەڕی ڕاستەقینەی بەوە بووە کە ئەو پێغەمبەرەی ناو ئینجیل دەبێ خۆی بێ. بەڵام کێشەکە لێرەدایە مەسیحیەکان لە کتێبەکەیاندا نە ناوی ئەحمدیان چاو پیکەوتبوو و نە پەیامی هاتنی پێغەمبەرێکی نوێ. ئەو بۆچوونە لە بەشێکی ئینجیلی یوحنادا سەرچاوە دەگرێ کە لەوێدا عیسا دەڵێ:

*"من دۆعا بۆ باوکمان دەکەم، ئەویش سوکنایی بە ئێوە دەدا، کە تا ئەبەد لای ئێوە دەمێنێتەوە: ڕۆحی ڕاستەقینە ناتوانی دنیا وەربگرێ، چونکە نە دەیناسێ و نەدەیبینێ. ئێوە ئەو دەناسن، چونکە ئەو لای ئێوە دەمێنێتەوە و لەناو ئێوەدایە." (یۆحنا ١٦:١٤)*

لێرەدا بە ئەگەری زۆر خراپ تێگەیشتنێك زیاتر نییە. ئەو شتەی مەسیحی بە ناوی "ڕۆحی پیرۆز" باسی لێوە دەکا، لە ناو موسوڵمانانداا تەنانەت تا ئەمڕۆش وەك ئاماژەیەك بە پێغەمبەر سەیر دەکری. هەرچۆنێك بێ، بەوهۆیەی مەسیحییەکان ئەو پێشگوویییەیان نەتوانیوە یاخود نەیانویستوە بیسلمینن، زمانی قورئان لە هەنبەر ئەواندا گۆڕانی بەسەردا هات و بە پێی کات، هەڵوێستی شەڕخوازی لەهەنبەردا گرتن. لە سوورەی یەکەمی قورئاندا کە ڕۆژانە حەڤدە جار لە کاتی نوێژکردندا لە لایەن موسوڵمانانەوە دەخوێندرێتەوە، مەسیحیەکان پێکەوە لەگەڵ یەهوودی قێز و بێزارییان لێ دەکرێ:

*"لە ڕاستەڕێ شارەزامان کە، ڕێی ئەوانەی کە خۆت چاکەت لەگەڵ کردوون نەك ئەوانەی کە وەبەر تووڕەیی کەوتوون، نەك ئەوانەش کە لە ڕێگات لایان داوە." (سوورەی١، ئایەی٦تا٨)*

ڕاڤەکاری قورئان ابن کثیر "Ibn Kathīr" (ساڵی ١٣٠١ لە بوسرای سووریە لە دایك بووە، کۆچی دوایی: ساڵی ١٣٧٣ لە دیمەشق)، دەنووسێ، کە بە فورمولبەندی یەکەم واتە ئەو کەسانەی وەبەر تووڕەیی کەوتوون،

مەبەست یەهوودیەکانە و دووهەمیان واتە لە ڕێ لادەرەکان، مەبەست مەسیحییەکانن. ابن کثیر لیستەیەکی قسەکانی محەمەد دەهێنێتەوە کە لە لایەن عالمانی ئیسلامییەوە سەلمێنراون، و تێیاندا ئەو چەشنە نووسینە پشت ڕاست دەکاتەوە.[25] شی کردنەوەیەك کە 'الطبری'ش دەیسەلمێنێ.[26] تەنانەت ئەمڕۆش ئەو بۆچوونە لە ئارا دایە کە مەبەست لەو سوورەیە یەهوودی و مەسیحیەکانن.

درێژەی هەیە...

[25] Ibn Kathīr: tafsīr, Sure 1

[26] al-Tabari: tafsīr, Sure 1